# دەق ئاوێزان

# وەك چەمكێكی رەخنەیی



ئەكرەم قەرەداخی

لەساڵەكانی 1966و 1967دا بۆ یەكەم جار لەمێژووی رەخنەی ئەدەبیدا زاراوەی دەق ئاوێزان intertextuality لەلایەن كچە نووسەری بولگارییەوە جولیا كریستیڤا Jolia kristeva[1] هاتە مەیدانەوە، لەڕێگای هەردوو گۆڤاری فەرەنسی Tel Quel و critic كە وتارە رەخنەییەكانی خۆی تیادا بلاّودەكردنەوەو بۆ یەكەمین جار بەوردی دەستنیشانی ئەو كارلێكە دینامیكیانەی كرد كە لەنێوان دەقێكی ئەدەبی و كۆمەڵە دەقێكی لەوەپێشدا هەیە.

كریستیڤا رای وا بوو كە هەموو دەقێكی ئەدەبی بەمەبەست یا بێ مەبەست لەهەناوی خۆییدا باوەش بۆ كۆمەڵە دەقێكی دی دەكاتەوەو لەنێوانیاندا كارلێكێكی هارمۆنی گونجاوییان تیادا دروست دەكات و لەئەنجامدا دەقێكی نوێ دێتە كایەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت كە هیچ دەقێك لەنەبوو لەدایك نابێت، بەڵكو بەرهەمی خوێندنەوەو كارتێكردن و تواندنەوەی دەها دەقی دیكەیە كە لەناو هۆش و هەستی نووسەرەكەدا جێپەنجەیان بەجێ هێشتووەو لەپاشدا دەبنە كەرەسەی ئاوێتەبوون بۆ لەدایكبوونی دەقێكی نوێ، چ لەبواری شیعردا یا لەبوارەكانی دیكەی ئەدەبدا وەك پەخشان و چیرۆك و رۆمان و چیرۆكی شانۆیی و تەنانەت لەهونەرە شێوەكاریەكانیشدا.




ئەمەش بەو مانایە دەبێت کە بۆ نموونە لەدەقێکی شیعرییدا شاعیر پەنا دەباتە، بەر گوتاری چەندەها دەقی شیعری دی، یا تەنانەت دەقە ئەدەبیەکانی دیکەو سەرلەنوێ مەدلولەکانیان چڕ دەکاتەوەو لەنێو دەقەکەی خۆییدا دایان دەڕێژێتەوە.

جێی ئاماژەیە کریستیڤا بنەڕەتی چەمکی دەق ئاوێزانی لەئەنجامی تۆژینەوەکەی لەسەر نووسینەکانی میخائیل باختین Mikhael Bakhtin[2] داڕشت کە لەسەر ڕۆمانەکانی دیستۆڤسکی نووسیبوونی، باختین لەو لێکۆڵینەوانەیدا بۆ یەکەم جار ئاماژەی بەگرنگی لێکچوونەکان دابوو لەنێوان ڕۆمانەکانی دیستۆڤسکیو ڕۆمانەکانی پێش خۆیدا[3]، بەتایبەتی ڕۆمانە سەرەتاییەکانی لەگەڵ ڕۆمانەکانی گۆگۆڵدا، بۆ یەکەمجار زاراوەی دیالۆگیزم (Dialogisme)ی بۆ ئەو پێکداچوونو لێکچوونو هاوشێوەییانە بەکارهێنا کە لەچەمکی دیالۆگەکاندا بەکارهاتونو ئەو واتە باختین ڕای وابوو کە دیالۆگ لەهەموو ڕۆمانەکاندا لێکچوونێکی تەواویان تێدایە لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکەدا بەڵام زۆرجار ئەم دیالۆگانە هەمان وتەکانی پێشوون بەشێوازی دی دادەڕێژرێنەوە.

لەساڵەکانی دواترداو پاش ئەوەی کریستیڤا نوسینە ڕەخنەییەکانی خۆی کۆکردەوەو لەچەند کتێبێکدا بڵاوی کردنەوە، چەمکی دەق ئاوێزان بووە زاراوەیەکی نوێ لەڕەخنەی ئەدەبیداو بەو مەبەستە بەکاردەهات کە ئەدیبو شاعیران ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی ئەدەبیو شیعریو پەخشانو ڕۆمان دەخوێننەوەو بەشێکی زۆر لەو بەرهەمانە دەبنە شوێنی سەرنج ڕاکێشانو کاریگەریو بەشێکیان لەناو قولایی نەستیاندا دەمێننەوە هەر بۆیە کاتێك کە خەریکی داهێنانی بەرهەمێکی




ئەدەبی دەبن، هەندێك لەو دەقانە بەبیٚ ئاگا لەنەستیانەوە دەڕژێنەوە ناو دەقە نوێیەکەو جیٚ پەنجەی خۆیانیانی تیادا بەجیٚ دەهێڵن. تەنانەت کار دەگاتە ئەو رادەیەی کە هەندێك شاعیر دێرو دەستەواژەی شیعریو چەمكو مەدلولەکانی هەندێك شیعری دیکەی لا دەبێت بەهی خۆیو سەرلەنویٚ دەیانخاتە دەقە شیعرییەکانیەوەو بەهی خۆیانی دەزانێت، مەرجیش نییە ئەمە تەنها ئەو دەقانە بگرێتەوە کە بەزمانەکەی خۆی نووسراون بەڵکو زۆر جار ئەو دەقانەش دەگرێتەوە کە شاعیر لەزمانەکانی دیکەدا خوێندونیەتەوە یا لەڕێگای پەرچڤەوە ئاشنایان بووە.

لەمەشدا مەرج نیە تێکەڵبونەوەکە، تێکەڵبونێکی راستەوخۆ بێت، بەڵکو گەلێك شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرێت کە رەنگە شاعیر خۆی لەو کاتەدا مەبەستیشی نەبێت کە ئەو قاڵبو فۆرمە نوێیەیان بکات بەبەردا، بەڵکو داڕشتنەوەو تێکەڵبونەوەکە، شێوازێکی خۆڕسکی بیٚ ئاگایی وەردەگرن لەوانەش گواستنەوەیەکی میتافۆری یا یەکتربڕین Crossing یا سەرنج تێگرتن intimation یا ئاماژەدان beckoning یا ئاماژە پێکردن pantomime یا هەندێك جار بەشێوەی هێما Symbol یا بڕین transpiercing یا گۆڕینکاری modification بەکاریان دەهێنێتەوە بۆ ئەمەش گەلێك رێگا دەگرێتەبەر وەك: کشاندن extention یا دوبارەکردنەوە recurrence، یا کورتکردنەوە Conciseness یا خستنە سەرو زیادکردن increment هتد...، رووش دەدات شاعیر خۆی دەق ئاوێزانی دەقی خۆی لەناو دەقێکی نوێیدا بکاتەوە.

جێی ئاماژەیە کە توێژینەوە مۆرفۆلۆژییەکان لەتوانایاندا هەیە لەم بارەیەوە چەندەها دەقی پێشتری شاعیرێك لەشیعرەکانی دواتردا بدۆزنەوەو هەروەها چەندەها جار رویداوە کە شاعیر ئاوێزانی دەقی شاعیرانی هاوکاتو هاوچەرخی خۆی بکاتو بەو شێوازانەی ئاماژەیان پێدان سەرلەنویٚ لەنێو دەقەکەی خۆییدا دایان بڕێژێتەوە ئەم کردارە چۆن لەشیعردا روودەدات بەهەمان شێوەش بۆتە خەسڵەتێکی دیاری کارە ئەدەبییەکانی دی، بەتایبەتی لەچیرۆكو رۆماندا، چ لەبارەی رەوگەی سەرتاسەری رووداوەکان یا هەڵبژاردنی کەسی ناو رۆمانەکە، یا ئایدۆلۆژیو بۆچوونی نووسەرەکە، یا بەشێکی زۆر لەدیالۆگو کاتو مێژووی بەسەرهاتەکانو هتد..

رۆلان بارت Roland Barthes[4] کە یەکێکە لەو رەخنە گرانەی بەدرێژی لەسەر ئەم مەسەلەیە دواون، بڕوای وابوو کە دەق جیۆلۆجی دەقەکانی دیکەیە بەو مانایەی هەموو دەقێك لەکۆمەڵە چینێك پێکهاتووەو


میشێل فۆکۆ

هەر چینەش ئامارژە بۆ دەقێك یا چەند دەقێکی دی دەکاتو هەموو دەقێك لەناخی خۆیدا زیندەپاڵ (metabolism)ی دەقەکانی پێش خۆی یا هاوچەرخ بەخۆی دەکاتەوەو سەرلەنوێ لەبۆتەو شێوازێکی نوێیدا دایان دەڕێژێتەوە، هەروەك چۆن کۆئەندامی هەرس لەزیندەوەردا، زیندەپاڵ بەخۆراك دەکاتو جەستە سەرلەنوێ بەرهەمی ئەو زیندەپاڵە بەشێوەی نوێ دادەڕێژێتەوە. تەنانەت کەسێکی وەك ریکۆر لەو بڕوایەدابوو کە هیچ دەقێك نییە دەقێکی دی یا کۆمەڵە دەقێکی دیکەی تێدا نەبێت تیۆدۆرۆڤ (Tzvetan Todorov)[5]یش لەو بڕوایەدابوو کە گۆڕانی دەقەکان بەپێی کەمیو زۆری توانەوە یا بەکارهێنانی دەقی دیکە لەخۆییدا دێتە کایەوە بێ ئەو کرداری توانەوەو بەکارهێنانە شتێك نامێنێتەوە پێی بوترێت دەق.[6]

هەر بۆیە یەکێك لەکارە نوێیەکانی رەخنەی سەردەم، کرداری هەڵوەشاندنەوە (dismantiement)ی دەقە بۆ یەکەیەکە رایەڵەکانی بەمەبەستی دۆزینەوەی سەرجەم کارەکانی پێکداچون imbricationو هەڵمژین absorptionو هاوگونجاندن Compatibilityو لێ وەرگرتن quotationو شیکردنەوە analyzation هتد.. بەمانایەکی دی سەرجەمی کاری رەخنەی نوێ لەم بوارەدا دۆزینەوەی ئەو داوە نەستیانەیە کە دەقەکەیان پێ چنراوە، ئەمەش بێگومان یارمەتی رەخنەگر دەدات بۆ ئەوەی ئەو بناغە رۆشنبیرییە بدۆزێتەوە کە شاعیر یا نووسەرەکە کۆشکی فکریو ئەدەبیو رۆشنبیری خۆی لەسەر بنیات ناوە.

کریستیڤا لەو بڕوایەدا بوو کە سەرجەمی کاری دەق ئاوێزان بەسێ قۆناغی سەرەکیدا دەڕوات کە بەکورتی ئەمانە دەگرێتەوە:[7]

یەکەم: جوینەوە rumination

نووسینەوەی دەقێکی نا دیاری ئەدەبیە لەناو دەقێکی نوێیدا بەپیشاندانو هێنانەپێشەوەی روخسارەکانی.

دووەم: مژینەوە absorption

دروستکردنی بەردەوامییەکی دینامیکی لەنێوان دەقە بەکارهاتووەکانو دەقە نوێیەکەدا بەشێوەیەك کە زەقێتی دەقەکان نەمابنو لەنێو دەقە نوێیەکەدا توابنەوە.




**سێیەم: گۆڕانکاری** Modifcation

سەرجەمی دەستکاری و گۆڕانە لەدەقە نادیارەکانداو دارشتنەوەیانە بەشێوازێکی نوێ لەدەقە نوێیەکەدا.

ئەوەش زۆر ئاشکرایە کە سەرجەم کردارەکە دوو روخسار لەخۆی دەگرێت کە بریتین لەروخساری یەکەم واتە بەهۆش، ئەو کاتەیە کە نووسەر یا شاعیر لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە کۆنەکەدا بەئاگاییەوە کردارەکە جێبەجێ دەکات و خۆی دەزانێت چی دەکات و چۆن سەرلەنوێ تەوزیفی دەکاتەوە لەدەقەکەی خۆیدا.

**روخساری دووەمیش:** کرداری مامەڵەکردنە بەدەقێك کە لەوپێش هەبووە، یا هاوکاتی خۆی بووە، بەکردارێکی نەستی بێ ئاگایی و بەمیکانیزمێکی خۆرسکیەوە کە وەك ئاماژەمان پێدا لەئەنجامی هەڵگرتن و لەبەرکردن و میتابولیزم کردنی دەقەکە بووە لەدەماخداو هێنانەوەیەتی بۆ جارێکی نوێ و دارشتنەوەیەتی لەفۆرمێکی نوێدا.

زۆربەی رەخنەگران لەسەر ئەو رایەن کە کرداری دەق ئاوێزان زیاتر کردارێکی نەستیەو مامەڵەکردن بەدەقە کۆنەکان و کار پێکردنی و کارلێك کردنیان لەناو دەقە نوێیەکەدا بێ ئاگاداری شاعیر یا نووسەرەکەیەو ئەمەشیان پراوپڕ دەچێتە خانەی دەق ئاوێزانەوە هەر بۆیە (جیرار جنێت) کە یەکێکە لەرەخنە ناودارەکانی فەرەنسا بڕوای وایە کە دەق جۆرێك لە بۆماوەیی دەق Tex heredetary تێدایە بەو مانایەی کە ستراکچەری هەموو دەقێك لەناخی خۆیدا کۆمەڵێك دەقی پێش خۆی هەڵگرتووەو هەندێك لەو دەقانە زۆر کۆنن و تیاشیاندا هەیە هاوکاتن لەگەڵ دەقەکە خۆیدا بەو واتایەی کە دەق بەبۆماوە دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی لەوپێشترو لەسەر ئەوان لەدایك دەبێت. زۆر جار ئاماژەیەکی بچوك لەدەقێکی نوێیدا بۆ رووداوێکی مێژوویی یا کەسێکی مێژوویی لەئەنجامی بەکارهێنانی دەقێکی کۆنەوە بەدارشتن و سەرنجدان و گۆڕانکاری و دەستکاری نوێیەوە، هێنانەکایەی دەقێکی نوێیە لەسەر بنیاتی رووداوە مێژووییەکە یا دەقە بنەڕەتیەکە لەبەرگ و روخسارو فۆرمێکی نوێیدا، وەك ئاماژەدان و بەکارهێنانی سەرگوزشتە مێژووییەکان یا بەیتەکانی رووداوی پاڵەوانیەتی مێژووی نەتەوە، یا ناوبردنی کەسانی مێژووی. توانای تەوزیفکردنی هەریەك لەو رووداوانە، دەگەڕێتەوە بۆ توانای شاعیر یا نوسەر خۆی کە تا چەند دەتوانێت دەقێکی کۆن و

مێـژوویی یـا ئەفسانەیی لەڕوخـسارێكو نـاوەڕۆكێكی نوێیـدا دابڕێژرێتـەوە، تەنانـەت بەبۆچـونو تێڕوانینێكی نوێشەوە كە ئەوەش تا رادەیەكی زۆر بەندە بەدیدو هزرو سەرنجی شاعیر خۆیەوە.[8]

دۆزینەوەی رایەڵەكانی دەق ئاوێزان لەبەرهەمە ئەدەبیەكاندا پێویستی بەهەستو سەلیقەیەكی بـەرزەوە هەیـە كـە ئـەویش بەپلـەی یەكـەم بەنـدە توانـای زانـینو زیرەكـی كەسـەكەو قـوڵی خوێندنەوەكانیو ئاستی هەڵچنینی ئەو زانیاریانەو تێگەیشتنو ئاوێتەكردنیان لەدەماخداو لەسەرو هەمووشیانەوە حەزو ئارەزووی لەخوێندنەوەو لەبەركردنی دەقەكاندا، چونكە وەك چۆن وتمان كە هـەموو دەقێك كوانـوی دەقـەكانی دیكەیـە، ئـەوا دۆزینـەوەی "ئامـاژە"كـانی شـاعیر بـەدەقی دیو "سەرنج تێگرتن"و "ناوهێنان"و "خواستن"و "وێناكردن"و "جێگرتنەوە" یان، سەلیقەو توانایەكی بێ ئەندازەی دەوێت، نەخوازەلا كە شاعیرەكە بەتواناو لێزانو كارامەو خاوەن بەهرەیەكی گەورەی شیعر بێـت، هـەر بۆیـە زۆربـەی كات ئەمە بۆ خوێنـەرێكی ئاسایو درك پێكردنو دۆزینـەوەیان زۆر گرانـەو هەنـدێك جـاریش هـەر مەحاڵیـشە. بـەلام ئـەم كـارە دەچـێتە خانـەی رەخنـەی ئەدەبیـەوەو رەخنەگری بەتواناو تەرخان بوو دەتوانێت لەو بوارەدا سەری تاڵە دەزوەكان یەكەیەكە لەیەكتری جیا بكاتەوەو بەتایبەتی ئەو رەخنەگرەی كە خۆی هەستێكی وردو تێڕوانینێكی زانستی هەیەو خاوەن گەنجینەیەكی كلتوری رۆشنبیری قوڵەو خۆی لەو مەیدانەدا پەروەردەكردوە. بەڕای ئێمە ئەم بواری رەخنەیە لەئەدەبەكەماندا زۆر ساوایەو هێشتا مەودایەكی فراوانی بەخۆیەوە نەدیوە، رەنگە شیاوی ئامارەبێت كە بڵێین پێویستە هەندێك لەنامەكانی ماستەرو دكتۆرا لەبوارەكانی ئەدەبی كوردیدا بۆ ئەم بوارە تەرخان بكرێت كارێكی بەجێ دەبێت.

**سەرچاوەكانی دەق ئاوێزان:**

سەرچاوەكان بـەپێی شاعیرو نووسـەر جیـاوازن، بـەلام بەگشتی دەتـوانین دەستنیشانی هەنـدێك لەو سەرچاوانە بكەین:

1. حیكایەتە میلیەكانو سەرگوزشتە زارەكیەكانو فۆلكلۆر.

ئاماژەپێـدانو تـەوزیفو قوتـدانو یـاری پێكـردنو بـەكارهێنانو دانـانو گۆڕانكـاریو هەڵگەڕانەوەو خواستنیان بەندە بەبۆچونو سەلیقەو توانای شاعیر خۆیەوە كە ئەمانەش بەشێكی زینـدون لـەكلتوری نەتـەوەو لـەیادەوەری شـاعیردا هـەر لەسـەردەمی منداڵیـەوە هـەڵگیراونو بونەتـە زەمینەیەكی رەسەن بۆ دیدوبۆچونەكانی.

2. **ئەفسانە میللیو جیهانیەكان:**

میلـەتانی سـەرزەوی، هەریەكـەیان خـاوەنی كۆمـەڵێك دەقـی ئەفسانەین كـە دەمـاودەم دەكـەنو لەپاشدا بەشێكی زۆریـان كۆكراونەتەوەو خراونەتـە سـەر كاغـەزو چاپو بلاوكراونەتەوە. شاعیر یـا نووسـەران بەشـێكی زۆری ئـەم كەرەسـەو دەقانـە بـەو شـێوەیەی خۆیـان دەیانـەوێت لەدەقەكانیانـدا بەكاریاندەهێننەوە.

3. **دەقە شیعریو بەرهەمە ئەدەبیەكانی دی:**

وەك لـەوەپێش ئامارەمـان پێـدا، ئەوانـە بەشـێكی سـەرەكی لەپێكهاتـەی دەقـی نـوێی شـاعیر یـا نووسەر پێكدەهێنن.

4.دەقەکانی شاعیر خۆی:

وەك ئاماژەشمان بەمەدا گەلێك لەشاعیران بەتێپەڕبونی کات هەندێك دەقی خۆیان بەشێوەیەکی نویٚو لەبەرگێکی نوێیدا سەرلەنوێ دادەڕشتەوە.

5.دەقە هاوکاتەکان:

بەشێکی زۆری ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە شاعیر یا نووسەر لەشاعیر یا نووسەرانی دیەوە کە هاوکاتن بەخۆی وەریان دەگرێتو سەرلەنوێ دایان دەڕێژێتەوە، زۆربەی جاریش ئەمە ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە بەزمانانی دی نوسراونو شاعیر یا نووسەر بەهۆکاری جیاوازەوە کارتێکراو بوە پیانەوەو بەئاگا یا بێ ئاگا لەدەقەکانی خۆییدا بەکاریان دادەڕێژنەوە.

6.دەقە ئایدۆلۆژییەکان:

سەرجەمی ئەو ئاماژە فەلسەفیو هزریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئاینانە دەگرێتەوە کە شاعیرو نووسەر سەردەمێك لەسەردەمەکانی ژیانی پیانەوە خەریك بوونو دەقەکانیان خوێندۆتەوەو هەندێکیانیان لەبەرکردووەو ئێستاو جارێکی دی لەشیعرەکان یا لەنووسینەکانیاندا بەکاریان دەهێننەوەو وەك ئاماژە بۆ چەمکەکانی ژیانو مردنو هەبوونو سروشتو گەردوونو ئاسمانو پیلەبازییە کۆمەڵایەتیەکانو هتد.. هەموو ئاماژەکانیش بەندن بەبیروڕاو تێڕوانینی شاعیر یا نووسەر خۆیەوە بەپشت بەستن بەو دەقە فەلسەفیو هزریانە.

7.سود وەرگرتن لەمیدیا جیاوازەکانەوە:

نووسەرو شاعیری نوێ بەپێچەوانەی نوسەرو شاعیرانی کۆن ئێستا جیهانێکی فراوانی لەکلتوری جیاوازو دەقی جیاواز لەبەردەمدایە کە رۆژانە لەرێگای میدیا جۆراوجۆرەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکاتو جۆرێك لەکارلێکی نەستی بیەوێت یا نەیەوێت لەگەڵیاندا دروست دەکات کە هەندێك جار بەئاشکرا لەدەقە هەرە نوێیەکاندا دەبینرێنەوە.

مەرجی بنەڕەتیش لەهەموو کارێکی دەق ئاوێزاندا ئەوەیە کە دەبێت جۆرێك لەهارمۆنیو یەکێتی بابەتو سیمانتیك Semantic لەنێوان دەقە بەکارهاتووەکەو دەقە نوێیەکەدا هەبێتو بەتەواوی لەڕاژەی ئەو بیرو سەرنجانانەدا بن کە شاعیر یا نووسەر دەیانەوێت لەدەقەکەی خۆیاندا بیان خەنە روو یا دەریان بڕنو بەهیچ جۆرێك دووڕەگ کردن (hybridization) یان پێوە دیار نەبێت.[9]

رووش دەدات هەندێك جار هەندێك لەشاعیرو نووسەران لەدەقەکانیاندا جۆرێك لەمۆزاییك لەنێوان دەقە ئەدەبیە جۆراوجۆرەکاندا لەناو دەقەکانی خۆیاندا دروست بکەن واتە شیعرو پەخشانو هەندێك جار کورتە چیرۆکو تێکەڵکردنی وتاریش، کە هەندێك رەخنەگر ئەمە بەدەق ئاوێزانی جۆری quantity intertertuality ناو دەبەن.

لەوانەشە لەهەندێك دەقدا تێکەڵ کردنەکە لەنێوان بەشە جیاوازەکانی تەنها جۆرێك بەرهەمی ئەدەبیدا بێت وەك تێکەڵکردنی جۆرەکانی شیعر بەیەکەوە لەچامەی شیعریو پەخشانە شیعرو پەخشان خۆیو شیعری کۆنو نوێ، یا تێکەڵکردنی هەندێك لەبەشەکانی رۆمان لەگەڵ نۆڤلێتو کورتە چیرۆکو چیرۆکی زۆر کورتو تەنانەت چیرۆکی شانۆییش نەك تەنها لەبوارەکانی فۆرمالیزمیدا بەڵکو لەبوارەکانی بابەتو ناوەرۆکیشدا کە بەمە جۆرێك لەماتریمۆنی matrimony دەهێننە کایەوە سیماو خەسڵەتێکی نوێ بەدەقە نوێیەکە دەبەخشنو زۆر بەگران خوێنەر لەیەکیان جیادەکاتەوە.[10]

**دەق ئاوێزان لەشێوەکارییدا:**

دەق ئاوێزان بەتەنها بوارەکانی ئەدەب ناگرێتەوە بەڵکو زۆر جار ئەم تێکەڵکردنە بوارەکانی دیش دەگرێتەوە بەتایبەتی بواری هونەری شێوەکاری. وەك ئەوەی هونەرمەندێك دەقی هونەری شێوەکاری کەسێکی دی دەگوازێتەوە بۆ ناو کارە شێوەکارییەکەی خۆیو لەناویدا تەوزیفی دەکات، بەشێوە راستەوخۆکە یا بەگۆڕانکاریەوە، وەك گواستنەوەی هەندێك تابلۆی جیهانی بۆ ناو تابلۆ نوێیەکانو تێکەڵکردنیان بەدەستکاریو گۆڕانکارییەوە، یا تەنها گواستنەوەی بەشێکی زۆر بچوك لەکارێکی هونەری پێشتر.

هەندێك جاریش هەندێك هونەرمەند زیاتر لەکارێکی هونەری تێکەڵ بەکارەکەی خۆی دەکاتو زیاتر لەقاڵبێکی توانەوەدا absorption بەکاریان دەهێنێتەوە وەك تێکەڵکردنی چاوێکی (مونالیزا)، تابلۆ بەناوبانگەکەی داڤنشیو بەشێکی زۆر کەم لەتابلۆی (گۆرنیکا)ی پێکاسۆ هتد..

لەم ساڵانەی دوایشدا بەهۆی پێشکەوتنو بڵاوبوونەوەی زۆری میدیاکانی راگەیاندنەوە، بەتایبەتی سەتەلایتو تەلەفزیۆنو ئینتەرنێت، تێکەڵبونو لەیەك وەرگرتنو سود گۆڕینەوە زۆر زیادی کردووە، هەر لەناونیشانی بەرهەمە هونەریەکانەوە تا دەگاتە بچوکترین کاری هونەری تیایاندا. تەنانەت لەوەرگرتنی کۆپلەی مۆسیقیو تێکەڵکردنی لەگەڵ یەکتردا[11]، یا سود وەرگرتن لەدیمەنێکی دیاریکراوی فیلمێك یا زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنیو دووبارەکردنەوەیان لەناو زنجیرەیەکی دیکەدا کەمێك گۆڕانکارییەوە، یا وەرگرتنی دیالۆگەکانو تەوزیف کردنیان لەبەرهەمی نوێیدا، یا بەکارهێنانی دەقەکانیان لەبەرگی خۆماڵیدا، ئەم باسەو قوڵبونەوە تیایدا هەڵدەگرێت بەسەربەخۆیی وتاری تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.

**دەقاندن playgait:**

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە زاراوەی دەق ئاوێزان intertextuality بەپێی شیکردنەوەکانی سەرەوەمان زۆر جیاوازە لەزاراوەی دەقاندن playgait کە تیایدا لاساییکردنەوەو وەرگرتنی تەواو شاردنەوەی دەقە لەناو دەقێکی دیکەدا، چونکە ئەگەر مەبەست لەدەق ئاوێزان ئەو کارلێکە هارمۆنیە بێت کە شاعیر یا نووسەر لەگەڵ دەقێکی دیکەدا دەیکات، ئەوا لەدەقاندندا، لێوەرگرتنێکی تەواوی دەقێکە یا چەند دەقێکەو بەکارهێنانەوەیانە بەشێوەیەکی بێ گیان کە لەزۆربەی جاریشدا گونجاندن لەنێوانیاندا دەگمەنەو ئەم کردارە ناچێتە خانەی دەق ئاوێزانەوە.

**پەراوێزەکان:**

1. جولیا کریستیڤا Julia Kristeva

لە24ی حوزەیرانی 1941 لەبولگاریا لەدایك بووە، لەناوەڕاستی ساڵی 1960دا چۆتە فەرەنساو لەوێ ژیاوە، فەیلەسوفو شیکارکاری دەروونیو فیمینستو رەخنەگری ئەدەبیە. لەم دواییانەشدا کۆمەڵێك نۆڤلێتی بڵاوکردۆتەوە.

نوسینەکانی جولیا گرنگیەکی زۆری لەبارەی بیری دوای بەنەویەوە poststructural هەیە، لەم بارانەوە کۆمەڵێك کتێبی نوسیوەو هەریەکەیان لەبوارەکانی رەخنەی ئەدەبیو دەرونزانیو فەلسەفەدا بایەخێکی گەورەیان هەیە.

جولیا شوی بەنووسەری فەرەنسی فیلیپ سولەرس Philippe Sollers کردووە.
لەو نۆڤلێتانەش کە نووسیویەتی:
1.پیاوە پیرەکەو گورگەکان.
The old man and the wolves
2.کوشتنێك لەبیزەنتە
Murder in Byzantium
3.مۆڵگەکان
Possession هتد..
لەکتێبە باشەکانیشی لەسەر کێشەی ژن:
دەربارەی ژنانی چین
About china women (1977)
جێی ئاماژەیە کارەکانی کریستیڤا بەتایبەتی سەردەمی نووسینی لەگۆڤاری (Tel Quel)دا شان بەشانی فۆکۆ Foucault و بارت Barthes و دریدا Derrida و سولرس Sollers بوو.
بۆ زیاتر بڕوانە (Wikepedia).

2.میخائیل باختین Mikhail Bakhtin:

فەیلەسوف و رەخنەگرێکی روسی بوو لە17ی تشرینی دووەمی 1895دا لەدایك بوو لە7ی مارتی 1975دا کۆچی کرد. نووسینەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان کردە سەر تیۆری ئەدەبی و رەوانبێژی و رەخنەو لەزۆرێك لەبوارەکاندا ئاماژەیان پێ دەکرێت وەك بواری مارکسیە نوێیەکان و سیموتیکیەکان Semioticians و ستراکچوراليستەکان Structuralists (بەنەوییەکان). نوسینەکانی رۆلێکی گەورەیان لەبوارەکانی ئیستاتیکای ئەدەب و زمان و فەلسەفەدا هەیەو بەیەکێك لەهەرە گەورە رەخنەگرەکانی روس دادەنرێت. پێویستە لەم بارەیەوە وتارێکی تایبەتی لەسەر بنوسرێت.
بۆ زیاتر بڕوانە: (Wikipedia)
3.بڕوانە: میخائیل: "قضايا الفن الابداعي عند دستيوفسكي".
ترجمة د.جميل نصيف، سلسلة المألة الكتاب-دار الشؤون الثقافية بغداد.ط1، 1986.

4.رۆلان بارت

رەخنەگرێکی فەرەنسی بوو لەساڵی 1915 لەدایك بوو لەساڵی 1980 کۆچی کرد، بارت یەکێك بوو لەو رەخنەگرانەی کە بزاوتنێکی تیۆریان لەئەدەبی فەرەنسیدا دروست کرد و لەدەوری گۆڤاری Tel Quel کۆبوونەوەو لەکارە سەرەتاییەکانیدا وەك "نووسینی پلە سفر Writing Degree Zero (لەساڵی 1953دا کراوە بەئینگلیزی) و ئەفسانە زانیەکان Mythologies (لەساڵی 1972دا کراوە بەئینگلیزی). سەلماندی کە ئەدەب وەك هەموو شێوەکانی دیکەی گەیاندن سیستمی هێمایە. بارت زۆر بەکارەکانی زمانزان فیردیناد دی سوسەر (Ferdinand de Saussure) کارتێکراو بوو و بەشێوەیەك کە بیروڕاکانی لەکتێبەکانی بارتدا وەك S/Z کە لەساڵی 1970دا نووسی و لە1974دا کرا بەئینگلیزی و ئیمپراتۆریەتی هێما Empire of Signs کە لەساڵی 1970دا نوسی و لە(1982)دا کرا بەئینگلیزی، رەنگیان داوەتەوە.
نووسینەکانی بارت، کاریگەرییەکی زۆر یان لەسەر بزاوتنی رەخنەی ئەدەبی لەهەموو جیهاندا هەیە.

بڕوانە: (Wikipedia)

5.تزڤیتان تۆدۆرۆڤ Tzvetan Todorov

لەمارتی ساڵی 1939دا لەسۆفیا لەدایك بووە، فەیلەسوفێكی بولگارییە، لەساڵی 1963وە لەفەرەنسا دەژی، لەوێ نووسینەكانی خۆی دەربارەی تیۆری ئەدەبی و مێژوو و فكرو تیۆری رۆشنبیری دەنووسێت تۆدۆرۆڤ 21 كتێبی داناوە، لەوانە شیعریەتی پەخشان The Poetics of prose (ساڵی 1971) سەرەتایەك بۆ شیعر introduction of poetics ساڵی 1981. داگیركردنی ئەمەریكا The conquest of America ساڵی 1982.

میخائیل باختین بنەڕەتەكانی دیالۆك:

Mikhail Bakhtin: "The Diagloical principle"

ساڵی 1984. روبەڕووبوونەوەی كۆتایی: ژیانی ئەخلاقی لەكەمپەكانی گرتندا.

Facing the Extreme: Moral life in the concentration camps (1991)

گەلێكی دی:

لەگەلێك لەزانكۆكانی جیهان وانەبێژی كردووە، لەوانە زانكۆكانی هارڤارد، یایل، كۆلۆمبیا، بیركیلی هتد.. (بۆ ئەم زانیاریانەو زیاتر بڕوانە ئینسایكلۆپیدیای Wikipedia).

6.بۆ زیاتر بڕوانە:

تزفیتان تودوروف: "المبدأ الحواري: دراسة في فكر میخائیل باختین" ترجمة فخری صالح دار الشؤون الثقافیة العامة. بغداد ط1، 1992.

7.بۆ زیاتر بڕوانە جولیا كریستیڤا (علم النص)

ترجمة فرید الزاهي، دار توبقال للنشر-المغرب، ط1، 1991.

8. Pierre marc Biaza: intertexuality Theory" university Encyclopedia S.A. 1997 En.ed. 514-516.

9.بۆ زیاتر بڕوانە:

د.عبدالله الغزامي (الخطیئة والتكفیر).

الهیئة المصریة لكتاب، ط4، 1998.

10.بۆ زیاتر بڕوانە:

Daniel chandler:
"Semivtics for Beginners"
-intertexuality-
www.Aber. Ac. Uk.

11. Gunhild Agger:
"intertexuality Revisted:
Dialogues ad Negotiations
In Media Studies"
A alborg university.
www."ugfr. Uqnebee. Ca"